# تورکیا داوای گەڕانەوەی کەمپی مەخموور دەکات



**دەنگی مەخموور - ئاژانسەکان**

وەزیری ناوخۆی تورکیا، پاش بەشداربوونی لەکۆنفرانسی "ئاسایشی ڕێگە نێودەوڵەتییەکان" لەرووسیا، لەدانیشتنێکی ڕۆژنامەوانیدا، وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە "پرۆژەی کرانەوە بەرووی کورد دا" داوە.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی "تی.ئار.تی خەبەر"ی تورکیا، "بەشیر ئاتالای" وەزیری ناوخۆی تورکیا پاش ئاماژە کردنی بە "پرۆژەی کرانەوە بەرووی کورددا" گوتی "هەوڵەکانی تایبەت بەکەمپی مەخموور خێراتر دەکەین و بە نیازین جێگایەکی باش بۆ ئەو کەسانەی لەم کەمپە دێنەوە، دابین بکەین".

ئاتالای سەبارەت بەگروپی ئاشتی ئەوروپا گوتی "پێ ناچێت کەسێك لە ئەوروپا بێتەوەو زۆرتر هەوڵەکانمان لەسەر ئەو کەسانە دەبێت کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن - وەزیری ناوخۆی تورکیا ئاشکرای کرد: گرنگترین تەوەری گفتوگۆ سێ قۆڵییەکانی (تورکیا، عێراق و ئەمریکا) کە بەڕێوەدەچێت، خستنە رووی پرۆژەیەکە بۆ گواستنەوەی کەمپی مەخموور بۆ تورکیا، هەرچەندە پێم وایە نیوەی دانیشتوانی ئەم کەمپە بۆ تورکیا بگەڕێنەوە".

ئاتالای تیشکی خستە سەر ئەوەی ١١ هەزار کەس لە کەمپی مەخموور نیشتەجێن، کە هەموویان، گوندو ماڵو حاڵیان هەیە، ئەو شوێنەی لێی رۆیشتوونە، دیارە، بنەماڵەو خزمو کەسیان هەیە، گەر بگەڕێنەوە ئەوا لەوێ نیشتەجێ دەبن.

# روونکردنەوەیەك دەربارەی کوشتنی گەنجێك لەمەخموور

**دەنگی مەخموور**/ رۆژی ٢٠٠٩/١٢/١ لەزۆرێك لە ئاژانسەکانی هەواڵ ئەو هەواڵەیان بڵاوکردەوە کەوا گەنجێك لەمەخموور کوژراوەو تەرمەکەی نەناسراوە، لێرەدا دەقی هەواڵەکە کە لەئەسوات ئەلعێراق هاتووە بڵاودەکەینەوە (سەرچاوەیەکی سوپای عێراق رایگەیاند هێزەکانی سوپاکەی رۆژی ٢٠٠٩/١٢/١، تەرمی گەنجێکیان لەنزیك گوندێکی رۆژئاوای قەزای مەخموور دۆزییەوە.

سەرچاوەکە بە ئاژانسی (ئەسوات ئەلعیراق)ی راگەیاند "سەر لەبەیانی رۆژی سێشەمە هێزەکانی سوپای عێراق لە نزیك گوندی دیوزانتی (٣٢کم رۆژئاوای مەخموور)، تەرمی کورە گەنجێکی نەناسراویان دۆزییەوە".

رونیشیکردەوە کە "شوێنەواری دوو فیشەك بە سکی قوربانییەکەوە دیارە".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە "تەمەنی کوژراوەکە لەنێوان ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵاندایەو بەهۆی نەبوونی ناسنامەوە نەناسراوەتەوە".

وتیشی "بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە، تەرمەکە گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی ناوچەکە، هاوکات تائێستا هیچ کەسێك بە هۆی پەیوەندی بە رووداوەکەوە دەستگیر نەکراوەو پۆلیس لیکۆڵینەوەی خۆی لەوبارەیەوە دەستپێکردووە".

شایەنی گوتنە زۆرێك لەو روداوو کارەساتانەی کە لەسەرچاوەکانی هەواڵو ئاژانسەکانی عێراقیو کوردستانی بڵاو دەکرێنەوە بەبێ ئەوەی رەچاوی سنووری جوگرافیای قەزای مەخموور بکەن بە هەلەو بەبێ بەڵگە ئەو هەواڵانە بەناوی مەخموور بڵاودەکەنەوە ئەمەو لەکاتێك زۆرێك لەو هەواڵو روداوانە دوورو نزیك پەیوەندیان بە قەزای مەخموورەوە نییەو ئەمەش جۆرێك لە پشێوی لەناو خەڵکی مەخموور دروستکردووەو روودانی هەر کارەساتو تەقینەوەیەك ئەگەر لەناو سنووری قەزای مەخموور نەبێت چۆن دەکرێت بەناوی ئەو قەزایەوە بڵاوبکرێنەوە. دەنگی مەخموور بەپێویستی دەزانێ لایەنی پەویەندیداری ناوچەکە ئاگاداری دەزگاکانی راگەیاندن بکەنەوە کە هەلەی لەوجۆرە نەکرێتو هیچ جۆرە لێدوانێکیش بەهەلەو بەوشێوازە بڵاونەکرێتەوە.

سەبارەت بەمەش قایمقامی مەخموور ئەوەی روونکردەوە کەوا هیچ حاڵەتێکی کوشتن لەم جۆرە لە مەخموور رووی نەداوە، داوامان لە ئاژانسەکانی هەواڵ کردووە کەوا بەبێ زانیاریو بەهەڵە هەواڵی کوشتنو کاری تیرۆریستی بەناوی مەخموور بڵاو نەکەنەوەو پرسو را بەلایەنی پەیوەندیدار لەسنوورەکەمان بکەن، بەڵام زۆر جار دەبینین هەواڵەکان بەناوی مەخموور بڵاو دەکرێتەوە کە لەڕاستیدا زۆرێکیان دوورن لەڕاستیو رەچاوی سنووری جوگرافیای مەخموور ناکەن.

# هاوڵاتییەك ٥ هەزار دار لەمەخموور دەروێنێت

## موحسین شوانی: بەداخەوە دار لەحەفتاکان لەئێستا زۆرتر بوو



هاوڕێ یوسف عەلی



کامل ئیبراهیم



خاتوو پرشنگ



رزگار ئەمیر



موحسین شوانی



خاتوو نیان ئیمام



کارزان ئیسماعیل

کامل ئیبراهیم کارگێڕی تیپی خونچەکانی مەخموور پێی وایە "ئەمە هەڵمەتێکی زۆر چاکە، کە بریتی یە لەدارچاندن لەسەر شەقامەکانی ناو شارو



دەرەوەی شارو کوچەو کۆڵانەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لەم هەڵمەتە سەنتەرو تیپو رێکخراوەکانو هاوڵاتیان لەم هەڵمەتەدا بەشدارن، هیوادارم ئەمە دوایین کار نەبێ، پێوبستە ماڵەکانیش هاوکارمان بن بۆئەو هەڵمەتەو دەستخۆشی لەهەموو لایەك دەکەم، کە لێرە لەم هەڵمەتە بەشدارن.

خاتوو پرشنگ بەرپرسی رێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان لەمەخموور دەڵێت "ئێمە ئەمرۆ لێرە ئامادەین بەخۆشحاڵیەوە بەشدارین لەم هەڵمەتەدا، هیوادارم کاری لەم شێوەیە بەردەوام بێ، لەبەر ئەوەی مەخموور هیچ شتێکی وای بۆنەکراوە، دەبێ ئێمە لەرووی خۆمانەوە، خزمەتی ئەو شارە بکەین، هیواداریشم لەهەر چوار دەورەی مەخموور دار بچێنرێ.

هەر سەبارەت بەم هەڵمەتە رزگار ئەمیر گوتی "من وەك هونەرمەندێکی ئەم شارە لەو هەڵمەتە بەشداریم کردووە، خۆم زۆر بە خۆشحاڵ دەزانم، بەراستی خەڵکانێکی باش هاتون، ئەوەش هەر بۆ ئێمەیە، ئەگەر من نەیکەمو تۆ نەیکەی خۆ بێگانەش نایەت سیمای شارمان بۆ جوان بکا، جێگای دەست خۆشیشە سەنتەرو تیپو رێکخراوەکان لەم هەڵمەتە بەشدارن.

موحسین شوانی بەرپرسی لقی مەخمووری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وتی "من وەك دەست پێشخەریەك لەم هەڵمەتە بەشداریم کرد، هەم وەك هاندانێك، سەبارەت بەهەڵمەتەکەش سوودی زۆرە ئەرکێکی ئایینیو نیشتیمانیو نەتەوەییە، پێغەمبەری خودا (د.خ) هانمان دەدا کە دار بروێنین وەك دەفەرموێ: (ئەگەر کەسێك دارێکی رواند، چ مرۆڤ لەبەرەکەی بخوا یان لەسێبەری پشوو بدا، چاکەی بۆ کەسەکە دەبێ تا ئەو دارە بمێنێ)، لە فەرموودەیەکی تر دەفەرمووێ: (ئەگەر دارێکت لەدەست بوو، بەنیازی چاندنی بووی دیتت قیامەت هات، بێ ئومێد مەبە دارەکە بروێنە) یان دەفەرموێ: (لەگۆڕستان دار بروێنن) جگە لەوەی سیمای شار جوان دەکاو هەواکە فێنك دەکاو سێبەریشی دەبێ، لەساڵانی حەفتاکان دار لەمەخموور زۆر لەئێستا زیاتر بوو، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ خەڵکەکەو فەرمانگەکان، کە هۆشیاری ژینگەییان نیە، هەر کەس لەماڵی خۆی داری بروێنێ سیمای شار جوان دەبێ، هەر کەسێ بچێتە شارێ لەسیمای شار دەست پێدەکات، بەداخەوە ئێمە سیمای دەروازەی شارمان زۆر ناشرینە، هەر لەکورە گەچەکانو کەندو جۆمەکان، لەگەڵ ئەویشدا خەڵك دەبێ هاوکاری شارەوانی بکەن، هیوادارم کە هەڵمەتی دار چاندن هەبوو، خەڵکی ئاساییو بەرپرسە حکومیو حزبییەکانیش بەشدار بن، بەداخەوە ئەمرۆ وەك بەرپرسی حزبی تەنیا خۆم دیت لەوێ، گەرچی کۆمەڵێك رێکخراوو گەنجی ئاسایی ئامادەبوون، بەڵام پێویست بوو شارەوانی بەخۆی هەر ئامادەبێ، تاخەڵك چاوی لێ بکات.

خاتوو نیان ئیمام ئەندامی ئەنجومەنی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان -قەزای مەخموور) پێی وابوو "هەڵمەتی دارچاندن هەڵمەتێکی پیرۆزەو ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگای مەخموورە، کەچەند ساڵە هیچی بۆ نەکراوە، ژێردەستەی رژێمی پێشوو بووە، ئێستاش دەمانەوێ هاوکاربین لەگەڵ رێکخراوەکان بۆ چاندنی دارو درەخت، کە هەم شارەکەی پێ جوان دەبێ هەم ژینگەش، خزمەت کردنی هەر شارو شارۆچکەیەکیش بەتەنیا رێکخراوێك و دووان ناکرێ، ئەگەر هەموو پشتگیری یەکترنەکەن وقۆڵی لێ هەڵنەکەن، هەمووشمان کار بۆ بەرژەوەندی مەخموور دەکەین پێویستە هاوکاری یەکتر بکەین.

کارزان ئیسماعیل بەرپرسی لقی قەرەچوغی یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان yndk وتی "بەراستی وەك ئەوەی بەرنامەی بۆ دارێژرابوو لەسەرەتا لەبارەی چاندنو پارێزگاری لێکردنی هەڵمەتێکی پیرۆزو بەجێیە، چونکە پێش ئەوە دووجاری تر کۆبونەوەمان لەسەر ئەم هەڵمەتە کردووە لەگەڵ (هاوڕێ یوسف) ئامادەبووغان لێرە ئەرکی سەرشانمانەو دەبێ ئامادەبینو خزمەتی ئەوشارە بکەین، چونکە کوری ئەو شارەین، ئەم هەڵمەتەش زۆرباشەو سیمای شار جوان دەکاو، هەواکەی پاكو بێگەرددەکاو ژینگەش پاك دەکاتەوە، جگە لەمەش بۆ تەندروستی مرۆڤ بلشەو خۆمان سوودی لێدەبینین نەك کەسێکی تر، دوای روخانی رژێم کۆمەڵێك دار چێنراوە، بەڵام ژمارەیان کەم بوو پێویستیمان بەچاندنی داری زیاتر هەیە، بەتایبەت چواردەورەی شارو دەروازەکەی کەتەنیا لەبیابان دەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای رەزامەندی خەڵکی مەخموورە کە هەندێ لەسەنتەرو رێکخراوو تیپەکان ئامادەن، بەڵام بەداخەوە هەندێ لەسەنتەرو رێکخراوەکان ئاگاداریش کراون لێرە ئامادەنین، دەبوایە لێرە ئامادەبونایە خەڵکی ئاساییان هانبدابایە تاخەڵك چاوی لە ئێمەو ئەوان بکردایە.

(هاوڕێ یوسف) وەکو هاوڵاتیەکی مەخموور سەرپەرشتی کردنی ئەم هەڵمەتەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، هەروەك گوتی "دوای چەند ساڵ دابڕان لەساڵی ٢٠٠٣گەڕامەوە مەخموور لەسەر قەرەچووغ سەیری مەخموورم دەکرد دارەکانی بەپەنجەی دەست دەژمێردران، مەخموور لەبیابان دەچوو، ئەمەش وایکرد دەست بکەم بەم هەڵمەتە، ساڵانە هەڵمەتی لەم شێوەیەم هەبووە، ئەم ساڵ ئەمە دووەم هەڵمەتمە، هەڵمەتی یەکەم ١١٠٠ دارم لەگەڵ بەرێوەبەری پەروەردەی مەخموور چاند، ئەم هەڵمەتەش چوار تا پێنج هەزار دارم هێناوە، بەهاوکاری رێکخراوە مەدەنییەکان لەم هەڵمەتە بەشدارن، دەستخۆشی لەو کەسە دڵسۆزانە دەکەم، کە ئەمرۆ خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو هەڵمەتە، لەلایەنی ماددیش قایمقامی قەزای مەخموور (بارزان سەیدکاکە)یارمەتی داوم بۆکڕینی دارەکانو شارەوانی مەخمووریش یارمەتی داوم لەکڕینی ئامێری چاڵ هەڵکەندن، بەڵام بەداخەوە کەسیان لێرە ئامادەنەبوون، چوومەلای بەرێوەبەری شارەوانیش کەچی ئامادەنەبوو لەگەڵم دابنیشێ، بۆ ئەوەی بەرنامەیەك دابرێژین ئەوە هەڵویستی شارەوانی بوو، هەندێ کەس لەخۆیانەوە دەڵێن مەخموور داری لێ ناروێ، بەپێچەوانەوە مەخموور باشترین شوینە بۆ دار رواندن، چونکە دار ئاوو پلەی گەرمی دەوێ، پلەی گەرمی مەخموور جاری واهەیە دەڕوا بۆ ٦٠ پلە، ئاویشی زۆرە، بیرێکی لێدەی بەچەند مەترێك دەگاتە ئاو، بەڵام هەموو جۆرەدارێك نا، لەسەدا نەوەدی دارەکان دەشێن لێرە بچێنرێ، بەڵام تاتەمەنی دەگاتە دوو سێ ساڵ دەبێ خزمەتی بکەیو ئاگات لێی هەبێ، رادەی شێ لەمەخموور سەدا یەکە، رادەی شێ بەرزدەکاتەوە، داواکاریم لەخەڵكو سەنتەرو رێکخراوەکان ئەوەیە ساڵانە کاری لەو شێوەبکەنو هاوکارمان بن، داواکاریشم لەحکومەتی هەرێم خۆی هەڵسێ بەم کارانە نەك ئێمە.




**ئا: دەنگی مەخموور**

- بەپێی رێنماییەکانی پەروەردە نابێت هیچ سەرپەرشتیارێکی پسپۆری لەیەك کاتدا سەردانی قوتابخانەکان بکات، کەچی لە مەخموور لەیەك کاتدا چورا سەرپەرشتیار سەردانی ناوەندیەکیان کردو پاشانیش کە تێبینی خۆیان لەسەر تۆماری سەرپەرشتیاران نووسی لەسەرەوە رێکەوتێك و لەژێرەوەش رێکەوتێکی تریان نووسی بوو، کە ماوەی نێوان دوو رێکەوتەکە یەك مانگ بوو، لەوەش سەیرتر سەردانی ئەو رۆژە لەدوورو نزیك پەیوەندی بەو رێکەوتەوە نەبوو. (دیسان سەرپەرشتیاران دەڵێت تەقە لەسەر ئێمەیە).
- بەپێی یاسا بەکارهێنانی ئوتومبێلی حکومەت بۆ بەرژەوەندی کەسی قەرەغەیەکراوە، کەچی لەمەخموور زۆربەی بەرێوەبەری فەرمانگەکان کە لەهەولێرەوە دێنە مەخموور ئوتومبێلی حکومی بەکاردەهێنن. جگە لەمەش ئەو ئوتومبێلانەی کە لەفەرمانگەکانی مەخموورن کەسانێك دوای فەرمیی بۆ ئیشوکاری تایبەتی خۆیان بەکاری دێنن. (هەر راوە مامزی پێ نەکەن ئەوی دی قەیناکە).
- بەپێی ئەو ناسنامەی لەبەر دەستمانە فەرمانگەی باری کەسیی مەخموور لەکاتی پڕکردنەوەی ناسنامە لەجیاتی وشەی (نێر) بۆ هاوڵاتیەك نووسیویانە مێو زۆر جاریش بەپێچەوانەوە دەنووسن، هاوڵاتیەکیش هانای وەبەر رۆژنامە هێناوە دەڵێ ئەمن پیاوم پیاو. (وەڵا بابە نەشتەرگەرییەکی باشە پێویستی بەدکتۆر نییە).
- لەسایەی ململانێی نێوان دوو حیزب دوو رادیۆ لەمەخموور دروست بوون، بەڵام ئەوەی لەهەموو سەیرتر ئەوەیە هەندێك لەکارمەندانی رادیۆ جگە لەکاری راگەیاندن خوا خێرێکی دیکەی پێ بەخشیوون ئەویش ئەوەیە فێری خۆشەویستی بوونەو بەهۆی هەندێك لەپەیوەندییەکان بەشی زۆریان پشکی شێریان وەبەر کەوتووەو ئاگایان لە ئیشەکە نەماوە. (ئەوەی خوا بینێریت بەزیاد بێت).

**بەهۆی بڕیارێکی پەروەردەی موسڵ... پ**

موسڵە، بڕیاری ئەوان لەسەر وەرگرتنی قوتابی جیاوازە لەگەڵ هەولێر، زۆربەی بڕیارەکانی موسڵ نەگونجاوەو کێشەی لەو جۆرەمان بۆ دروست دەکات".

شایەنی گوتنە لەو روداوەدا بەرێوەبەری ناوەندی ئاراس دوو گولەی بەر قاجی دەکەوێتو دوای ئەوەی لەلایەن برازای خۆیەوە پێنج گولەی ئاراستەی دەکرێت لەوکاتەی کە ئەو لەناو قوتابخانەکەی خەریکی کاری بەرێوەبەری بووە. تۆمەتباری ئەو روداوە ئێستاکە دەستگیراوەو رەوانەی بەندینخانەی هەولێرکراوەو دوای چارەسەری پزیشکی بۆ مامۆستا (تەها عەزیز) ئێستاکە گەڕاوەتەوە شارۆچکەی گوێڕ هەرچەندە گولەیەکی لەناو قاجی ماوەو تائێستا چارەسەر نەکراوە.

# پەتای ئەنفلۆنزای بەراز چییەو چۆنیش چارەسەر دەکرێت؟

**دەنگی مەخموور***

## ئەنفلۆنزای بەرازو قەیرانی ئابووری

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای H1N1 کە بە ئەنفلۆنزای بەراز ناسراوە لەکوردستاندا مشتومڕو بیروڕای جیاواز دەبیسترێت لەسەر ڤایرۆسەکەو چۆنیەتی دروستبوون و بڵاوبوونەوەو چارەسەرو خۆپاراستن لەو پەتایە. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری جیهان، پەتای ئەنفلۆنزای بەراز بوون بەدوو بابەتی هەرە گرنگ و پڕ بایەخی هەموو جیهان. ئەنفلۆنزای بەراز ئەو پەتایە لەمانگی نیسانی ڕابردوودا سەری هەڵداو بەجۆرێك ئێستا هەڕەشە لەتەواوی گۆی زەوی دەکات ئەگەر بێتو کۆنترۆڵ نەکرێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر جۆرە نەخۆشییەك تێڕوانینی جیاجیا دێتە ئاراوە، لەوانە هەندێك بە ڕوداوی سیاسی ناوی دەبەن و هەندێکیش بەرێکلامی تایبەتی بۆ کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ دەستکەوتنی ماددی نایاسایی و بازرگانی وەسف دەکرێت، لەم بارەیەوە هەر دەبێ بڵێین پەتای ئەنفلۆنزای بەراز تەنگژەیەکی دیکەی ئابوورییە. کێشەی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز ئەوەیە جیاوازە لەنەخۆشییەکانی تر بەهۆی خێرایی بڵاوبوونەوەو ڕێژەی زۆری تووشبوونەوە بە بەراورد بە نەخۆشییەکانی دیکەی وەکو سارس و ئایدز.

## ئەنفلۆنزای بەراز چییە؟

ڤایرۆسی H1N1 دەبێتە هۆی پەسیوێك لەناو خەڵکدا بە ئەنفلۆنزای بەراز ناسراوە، جۆرێکی تازەی ئەنفلۆنزایە، کە بۆیەکەمجار لە "مەکسیکۆ سیتی" پایتەختی وڵاتی مەکسیك دەستنیشانکراو لە ٢٠٠٩/٣/١٨ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دانیان بەبوونی ڤایرۆسەکەدا نا، ئیتر لەو ڕۆژەوە پەتاکە بەوڵاتانی جیهاندا بڵاوبوویەوە. لەمانگی نیسانی ئەمساڵیش پەتاکە گەیشتە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو لەمانگی شەشدا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) دوای مشتومڕێکی زۆر ڕایگەیاند کە پەتاکە بوو بەکێشەیەکی تەندروستی جیهانی و وڵاتانی جیهانی لەمەترسی بڵاوبوونەوەی ئاگادارکردەوە.

## نیشانەکانی ئەنفلۆنزای بەراز چییە؟

تا، کۆکە، قوڕگ ئێشە، لووت گیران، یا ئاوکردنی لووت، سەر ئێشە، لەرزو ماندووبوون لەنیشانەکانی ئەنفلۆنزای H1N1ن، بەشێك لەتووشبوان ڕەنگە ڕشانەوەو سکچوونیش بگرن. هەندێك نەخۆشی تری پەتاکە ڕەنگە تووشی پەسیوو کۆکە بن بەبێ ئەوەی تایان هەبێت. زۆربەی ئەوانەی کە تووشی



پەتاکە دەبن هەندێك جار تەنانەت بێ ئەوەی پێی بزانن چاك دەبنەوە، بەڵام هەندێکی کەمی تری تووشبووان ڕەنگە پێویستیان بەداخڵکردنی نەخۆشخانە بێت و ژمارەیەکی کەمیش لەوانە ڕەنگە بەهۆی نەخۆشییەکەوە بمرن. ئەوانەی کە ئەگەری داخڵکردنی نەخۆشخانەو مردنیان زۆرە، بریتین لە بەساڵاچووان و منداڵی خوار ٥ساڵ و ئافرەتی دووگیان و هەرکەسێك کە نەخۆشییەکی درێژخایەنی وەك شەکرە، نەخۆشی دڵ، ڕەبوو یا شێرپەنجەی هەبێت.

## چی دەبێت ئەگەر بەراز بووە پەتایەکی جیهانی

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەوترێت چی دەبێت ئەگەر پەتای ئەنفلۆنزای بەراز بووە پەتایەکی جیهانی کە چاوەڕوانکراویشە؟ زانایان دەڵێن: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەندە بەرێژەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە، ئەگەر بڵاوبوونەوەکەی دیاریکراو بوو وەکو نەخۆشی سارس یاخود ئەگەر مامناوەند بوو وەکو بڵاوبوونەوەی پەتای ئاسیا، یان وەك ئەنفلۆنزای هۆنگ گونگ، ئەی ئەگەر بەهێز بوو وەکو ئەنفلۆنزای ئیسپانی کە لەساڵی ١٩١٨دا بڵاوبووەوە، تێچوونە ڕاستەقینەکە بەندە بەسەرکەوتنی زانایانی بواری پزیشکی و پێکوتە، بۆ دروستکردن و تەواوکردنی سیرەمی خۆپاراستن لەنەخۆشییەکە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕەنگە ئەم کارە چەند مانگێکی پێبچێت پێش تەواوبوونی پێکوتەکە، لەکاتێکدا ئێستا ژمارەی پێکوتە ئامادەکراوەکان دەگاتە ٩٠٠ ملیۆن پێکوتە کەبەشی کەمترین تووشبوونی ئەم پەتایە دەکات، لەکاتێکدا ئەگەر دروستکردنی ئەم پێکوتانە درەنگ کەوت و پەتاکەش بەشێوەیەکی گەورە بڵاوبوویەوە، ئەوا زانایان قسە لەسەر قەیرانێکی دیکەی ئابووری ڕاستەقینەو درێژخایەن دەکەن کەکاریگەری ئەم پەتایە لەسەر بەرهەمی جیهانی گەورە دەبێت و وەك شارەزایانی بواری پزیشکی و ئابووری ڕایانگەیاندووە پەتای (H1N1) کاریگەری لەسەر بازاڕەکانی دارایی و کەلوپەل لەجیهاندا دەبێت، بەڵام ئەگەر بڵاوبوونەوەکەی دیاریکراوبوو وەك ئەوەی لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی سارسدا ڕوویدا، ئەوا کاریگەری پەتاکە کەم و کورت خایەن دەبێت و کاریگەری ئەوتۆ لەسەر بونیاتە ئابووریەکان جێناهێڵێت و بناغەی ئابووری وڵاتانیش تووشی داتەپین ناکات.

## مێژووی پەتاکان

لەساڵی ١٩١٨ پەتای ئەنفلۆنزای ئیسپانی لەجیهاندا بڵاوبووەوە کە لە سەدا پەنجای کۆی دانیشتووانی زەوی تووشبوون. لەساڵی ١٩٥٧ بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای ئاسیا بووە هۆی مردنی زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس لەجیهاندا، هەروەها ئەنفلۆنزای هۆنگ کۆنگ لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٦٩ بووە هۆی مردنی ١ ملیۆن کەس، بەڵام نەخۆشی کەمبوونەوەی بەرگری ئایدز بووە هۆی لەناوبردنی ٢٠ ملیۆن کەس و زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەسی تریش تائێستا لەسەرتاسەری جیهاندا پێوەی دەناڵێنن.

هەروەها لەبەهاری ٢٠٠٣دا لەناوچەی خۆرهەڵاتی ئاسیا نەخۆشیەکی نوێ سەری هەڵدا کە بەپەتای سارس ناسراو بووە هۆی هەڕەشە بۆ گەشەسەندنی ئابووری لەو ناوچانەدا پێش ئەوەی کۆنترۆڵ بکرێت.

## چۆن چارەسەر دەکرێت

یەکەم و گرنگترین هەنگاو بۆ خۆپاراستن لەئەنفلۆنزا بەگشتی و ئەنفلۆنزای H1N1 بەتایبەتی بەکارهێنانی ڤاکسینی تایبەتی ئەو پەتایانەیە. لەپاڵ ئەوەشدا چەند هەنگاوێکی ئاسان هەیە، کە هەمو کەسێك لەژیانی ڕۆژانەدا دەتوانێت بیکات بۆ خۆپاراستن. بۆنموونە: شوشتنی دەستەکان بە ئاوو سابوون بۆماوەی ١٥-٢٠ چرکە یا بەکارهێنانی جێڵی معقمی تایبەت، ئەگەر ئاوو سابوون بەردەست نەبوو، باشتروایە جێڵ بەکاربهێنرێت بۆ ئەو مەبەستە نەك سابوونی ئاسایی، چونکە ئەمەی دوایی ڕەنگە خۆی ببێتە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی دەستدان لەدەم و چاو و لووت و مانەوە لەماڵەوە لەکاتی هەبوونی نیشانەکانی سەرەوەو بەکارهێنانی دەرمانی دابەزاندنی تاو کەمکردنەوەی تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تر. هەروەها گوێگرتن لەئامۆژگارییەکانی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەکان و هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لەشوێنی کۆبوونەوەو قەرەباڵغی.

* بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لە هەردوو ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١١٠٧)و ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە (٥٨٢) وەرگیراوە.

---



# چۆن کێشەو کەموکورییەکانی مەخموور چارەسەر دەکرێن؟

**بەختیار محەممەد**

مەخموور لەهەموو ڕوویەکەوە لەساڵی ١٩٢٧ەوە کە بوەتە قەزا سەر بەپارێزگای هەولێر بووە، بایەخ و گرنگی ئەو ناوچەیە وایکردووە کەڕژێمی ڕووخاوی عێراق بەبڕیارێك بیخاتە سەر پارێزگای موسڵ و تائێستاش بەم شێوەیە ماوەتەوەو خەڵکەکەی ئێستا لەچاوەڕوانی ڕەحمەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدان بۆ گەڕانەوەی ناوچەکەیان. مانەوەی مەخموور بەم شێوەیە خەڵکی دەڤەرەکەی تەواو نیگەران و بێزار کردووە، هەر ئەمەشە وایکردووە کەئەو شارۆچکەیە لەزۆربەی پرۆژەو خزمەتگوزارییەکان بێ بەش بن.

لێرەدا وەکو دەبینین لەناو قەزای مەخموور تەنیا یەك نەخۆشخانە هەیە، نەخۆشخانەکەش بێ خزمەتگوزارییەو هیچ شتێکی لێ ناکرێت و تەنها وەك بنکەیەکی تەندروستی کاردەکات.

هەرچی کێشەی دیکەی وەك دەبینین مەسەلەی ئاوی خواردنەوەیە، چونکە ناوچەی مەخموور ئاوی سەرزەوی کەمە یاخود دەتوانین بڵێین ئاوی هەردوو زێی گەورەو گچکەی لێوە دوورە، بەم جۆرە دەبینین ئاوی ماڵان لەڕێی ئاوی ژێر زەوییەوە دابین دەکرێت کە لەدەرەوەی مەخموور ڕاکێشراوە، لەبەرئەوەی ئاوی ژێر زەوی مەخموور تاڵە، ئەگەرچی لەساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن چەند ڕێکخراوێکەوە پرۆژەیەکی جێبەجێکرد ئاوی شیرینی لەگوندی گاوەرە نزیك مەخموور ڕاکێشا بۆ شارەکەو ئێستاکە ٥٠٪ کێشەکانیان چارەسەر بووە.

ئەگەر باس لەماددەی ١٤٠ی دەستووریش بکەین لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکانی ناوچەکە هەزاران خێزانی ناوچەکە ناوی خۆیان ناونووس کردووەو هەزارانیش لەدانیشتووی قەزای مەخموور بێبەشکراون لەقەرەبووی ئەو ماددەیە لەبەرئەوەی ئەوان شارەکەیان چۆڵ نەکردووەو هەر لە مەخموور ماونەتەوە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەو کەمووکورییەکانی قەزای مەخموور کەخۆیان لەم چەند خاڵە دەبینن:

١ - کارکردن لەپێناو گەڕانەوەی هەرچی زووی ئیدارەی قەزای مەخموور بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دابینکردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ ئەوشارە بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی گوندو دێهاتەکان و قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتیانی ئەو شارە.

٢ - نۆژەنکردنەوەی سەرجەم شەقام و شۆستەکان و دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورە کە بەداخەوە لەو ڕووەوە بۆشاییەکی گەورە دەبینرێت، هەروەها چاککردنەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوەو دروستکردنی ئاوەڕۆ لەسەرجەم کۆڵانەکانی قەزای مەخموورو بەناحیەکانیشەوە.

٣ - دروستکردنی قوتابخانەو دابینکردنی کەل و پەلی کشتوکاڵی و تادەگاتە دروستکردنی پارك و باخچەی گشتی و گرنگی دان بەرەوتی خوێندن و ڕۆشنبیری و هونەری... تد.

٤ - پاراستنی شوێنەوارو ئاسەوارەکۆنەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەوشوێنانە.

٥ - دابینکردنی نەوت و کانزا بەسەر هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەی هەرەسەرەکی ئەویش کێشەی کارەبایە، ئەمە جگە لەدروستکردنی یاریگای وەرزشی و بونیاتنانی بازارێکی هاوچەرخ و چەندین پرۆژەی تر..

ئەوەی ماوەبیڵێین، سنووری مەخموور بەپێی سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٥٧ (٢٣٤) گوندبووە، تاوەکو ساڵی ١٩٨٨ (١٨٠) گوند لەلایەن حکومەتی بەعسیەوە وێرانکران و ئەوگوندانەی کە مانەوە عەرەبنشین کرابوون، تادەگاتە پرۆسەی ئازادی عێراق، دوای ئەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر گەڕانەوە سەرزێدی باب و باپیرانیان، بەڵام بەداخەوە نەحکومەتی عێراق و نەحکومەتی کوردستان هاوکاری خەڵکەکەی نەکردوو خزمەتگوزاری پێویستیان نەگەیاندو، تائێستا خەڵکی ئەو ناوچەیە لەچاوەڕوانی گەڕانەوەدان و بەئومێدن خزمەتگوزارییان پێ بگات.

---

# بیبلۆگرافیای نووسەرانی دەڤەری مەخموور

**ئامادەو کۆکردنەوەی: دەنگی مەخموور**



د.هیمداد حوسێن

ئەم بیبلۆگرافیایەی لەبەردەستتان دایە بریتیە لەکۆکردنەوەی سەرجەم ئەو بەرهەمانەی کە نووسەرانی دەڤەری مەخموور نووسیویانە، زۆرێك لەو نووسەرانەی کە لێرەدا ناویان هاتووە دەتوانم بڵێم هەرهەموویان خەڵکی قەزای مەخموورن، هەندێك لەو نوسەرانە ڕەنگە لەمەخموور نەژیاون، بەڵام مەبەستی من لەو بیبلۆگرافیایە زیاتر ئاشناکردنی هەموو لایەکە بەسەرجەم کتێب و چاپکراوەکانی نووسەرانی مەخموور، کە بەداخەوە ئەمڕۆکە زۆربەیان لەو شارە دابڕاون، بۆیە لێرەدا بەرهەمەکانیان دەخەینەڕوو.

### ناوی نووسەر:
### د.هیمداد حوسێن

ناوی تەواو: هیمداد حوسێن
ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: دیبەگە - ١٩٦١
ئاستی خوێندن: دکتۆرا
بواری کارکردن: نووسەرو وەرگێڕو مامۆستای زانکۆ
ناونیشان: هەولێر
بەرهەمەکان:

١ - کلك بڕاوەکان، عەزیز نەسین (وەرگێڕان)
شوێن و ساڵی چاپکردن: بەغدا، ١٩٨٥.

٢ - چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر
شوێن و ساڵی چاپکردن: هەولێر، ١٩٨٦.

٣ - حیزبی کەرامەت و حیزبی سەلامەت، عەزیز نەسین (وەرگێڕان)
بابەت: ڕۆمان
شوێن و ساڵی چاپکردن: بەغدا، ١٩٨٨.

٤ - دەرمانی بێ خەوی، عەزیز نەسین
بابەت: وەرگێڕان
شوێن و ساڵی چاپکردن: بەغدا، ١٩٨٨.

٥ - ڕۆمانی ماڵئاوا گوڵی خەم
بابەت: ڕۆمان
شوێن و ساڵی چاپکردن: بەغدا، ١٩٨٨.

٦ - گوناهـ، کۆمەڵە چیرۆك
شوێن و ساڵی چاپکردن: بەغدا، ١٩٨٨.

٧ - ململانێی شارستانیەتەکان، سامۆئیل هانتنگتۆن
بابەت: وەرگێڕان
شوێن و ساڵی چاپکردن: هەولێر، ١٩٩٨.

٨ - ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا
شوێن و ساڵی چاپکردن: وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٨.

٩ - چیرۆك و ئەفسانەی کوردی
شوێن و ساڵی چاپکردن: ئوستراڵیا، ١٩٩٨.

١٠ - پەیامی کافکا (وەرگێڕان)
شوێن و ساڵی چاپکردن: کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبیە، بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١١ - پلاتۆنەڤە شێت، چیخۆف (وەرگێڕان)
شوێن و ساڵی چاپکردن: وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٢ - ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧.
شوێن و ساڵی چاپکردن: دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٣ - گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کوردو سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی
شوێن و ساڵی چاپکردن: لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی -٧-، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٤ - جیهانی سێیەم و گەڕان بە دوای ڕۆژنامەوانیی ئازاد دا، (وەرگێڕان)
شوێن و ساڵی چاپکردن: دەزگای سەردەم سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٥ - بە شەرتی چەقۆ ، عەزیز نەسین، (وەرگێڕان)
شوێن و ساڵی چاپکردن: کتێبخانەی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٦ - ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٧ - ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی دەق و لێکۆڵینەوە
شوێن و ساڵی چاپکردن: سەنتەری هەتاو، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٨ - دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی
شوێن و ساڵی چاپکردن: دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٩ - ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی
شوێن و ساڵی چاپکردن: بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٠ - نهێنییەکانی دەوڵەتم قووتدا، عەزیز نەسین (وەرگێڕان)
شوێن و ساڵی چاپکردن: هەولێر، ٢٠٠٨.

٢١ - ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان
شوێن و ساڵی چاپکردن: دەزگای بەدرخان و دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.



غەفوور مەخمووری

### ناوی نووسەر:
### غەفوور مەخمووری

ناوی تەواو: غەفوور تاهیر سەعید
ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: مەخموور -١٩٧٠
ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی ئاداب بەشی کوردی
بواری کارکردن: سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووس
ناونیشان: هەولێر - نەورۆز

١ - بەعەرەبکردنی کوردستان (لێکۆلینەوە)
شوێن و ساڵی چاپکردن: لەبڵاوکراوەکانی لێژنەی باڵای بەرەنگاربونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٢، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢ - سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی (لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری)
شوێن و ساڵی چاپکردن: چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٩.

٣ - حەیران (لێکۆڵینەوە)
شوێن و ساڵی چاپکردن: لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

٤ - بناری قەرەچووغ (مێژوو)
شوێن و ساڵی چاپکردن: چاپخانەی (الامة)، بەغدا، ١٩٩٠.

٥ - سێ تیشك لەپەنجەرەی شیعرەوە ١٩٩١.

٦ - سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی ١٩٨٩.

٧ - حوارات حول القضية الكوردية چاپی یەکەم ١٩٩٩ بیروت، چاپی دووەم ٢٠٠٠ هەولێر.

٨ - تعریب کوردستان ٢٠٠٦ - دەزگای ئاراس.